# أثر الحرب العراقية الإيرانية على توسع عمليات قوات البيشمركة والصراع بين قوى المعارضة الكردية.

ئارام ابوبكر حمدامين
aram.hamadameen@su.edu.krd
مصطفى محمد كريم
mustafa.karem@su.edu.krd
قسم التاريخ، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين- أربيل، إقليم كوردستان، العراق

**الكلمات المفتاحية**: الحرب العراقية الإيرانية، الأكراد، البيشمركة، الحرب الأهلية

**كيفية اقتباس البحث**
حمدامين , ئـارام ابـوبكر , مصـطفى محمد كـريم , أثـر الحـرب العراقيـة الإيرانيـة علـى توسـع عمليـات قـوات البيشـمركة والصـراع بـين قـوى المعارضـة الكرديـة.,مجلـة مركـز بابـل للدراسـات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في
ROAD

Indexed مفهرسة في
IASJ

# The impact of the Iraq-Iran war on the expansion of Peshmerga activities and the conflict between Kurdish opposition forces.

**Aram Abubaker Hamadameen**
aram.hamadameen@su.edu.krd
**Mustafa Muhammad karem**
mustafa.karem@su.edu.krd
**Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq**

**Keywords** : Iraq-Iran War, Kurds, Peshmerga, Civil War

**How To Cite This Article**
Hamadameen , Aram Abubaker , Mustafa Muhammad karem , The impact of the Iraq-Iran war on the expansion of Peshmerga activities and the conflict between Kurdish opposition forces. ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**
The Iraq-Iran war is an important and decisive event in the history of both Iraqi and Iranian peoples and the region. It had a direct impact on the Kurdish people and the Kurdish liberation movement. It had a clear reflection on the development and expansion of the Peshmerga activities. During this period, the Peshmerga forces dealt an effective blow to the Iraqi government forces and institutions. At the same time, it had a direct impact on the relationship between Kurdish parties and organizations, which became supporters of the war and joined one of the two governments. There was also the interference of both the Iraqi and Iranian governments in the Kurdish liberation movement. This research consists of two topics. The first topic is the impact of the war on the development and expansion of the activities of the Peshmerga forces against the Iraqi

government forces. The second topic discusses the effects of the war and the role of Iraq and Iran in the relations between the Kurdish parties, which eventually made the civil war more bloody and several incidents and violent fighting between the parties. This study has used a number of different sources, including a variety of documents treated as original sources, as well as a significant number It is taken from the memoirs of personalities, most of whom either participated in the events and developments or witnessed the events. In addition, we have used newspapers and magazines of the time that recorded the events and information directly at that time. Other sources include books in Kurdish, Arabic, Persian and English, which contain several scientific and academic sources .This research consists of two topics: the first topic is about the expansion and development of the activities of the Peshmerga forces of Kurdish parties and organizations, and the second topic is devoted to the conflict and civil war between these parties and Organization and the influence of Iraq and Iran in their conflicts.

**الملخص:**

تُعدّ الحرب العراقية الإيرانية حدثًا هامًا وحاسمًا في تاريخ الشعبين العراقي والإيراني والمنطقة. كان لها أثر مباشر على الشعب الكردي وحركة التحرير الكردية. وقد انعكست بوضوح على تطور وتوسع أنشطة قوات البيشمركة. خلال هذه الفترة، وجّهت قوات البيشمركة ضربة قوية للقوات والمؤسسات الحكومية العراقية. في الوقت نفسه، كان لها أثر مباشر على العلاقات بين الأحزاب والمنظمات الكردية، التي أصبحت من مؤيدي الحرب وانضمت إلى إحدى الحكومتين. كما كان هناك تدخل من الحكومتين العراقية والإيرانية في حركة التحرير الكردية. يتكون هذا البحث من موضوعين. الموضوع الأول هو أثر الحرب على تطور وتوسع أنشطة قوات البيشمركة ضد القوات الحكومية العراقية. الموضوع الثاني يناقش آثار الحرب ودور العراق وإيران في العلاقات بين الأحزاب الكردية، مما أدى في نهاية المطاف إلى زيادة دموية الحرب الأهلية ووقوع العديد من الحوادث والقتال العنيف بين الأطراف. استخدمت هذه الدراسة مصادر متنوعة، شملت وثائق عديدة اعتُبرت مصادر أصلية، بالإضافة إلى عدد كبير من مذكرات شخصيات، معظمهم شاركوا في الأحداث والتطورات أو شهدوها. كما استُخدمت صحف ومجلات معاصرة سجلت الأحداث والمعلومات مباشرةً في حينها. وتضمنت المصادر الأخرى كتبًا باللغات الكردية والعربية والفارسية والإنجليزية، تحتوي على مصادر علمية وأكاديمية متعددة. تناول هذا البحث موضوعين: الأول يتعلق بتوسع وتطور أنشطة قوات البيشمركة التابعة للأحزاب والمنظمات الكردية، والثاني يُعنى بالصراع والحرب الأهلية بين هذه الأحزاب والمنظمات، وتأثير العراق وإيران في هذه الصراعات.

# کاریگەری جەنگی عێراق-ئێران لە سەر فراوانبوونی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە و ململانێی هێزە کوردستانییە بەرهەڵستکارەکان.

ئارام ابوبکر حمدامین
aram.hamadameen@su.edu.krd
مستەفا محەمەد کەریم
mustafa.karem@su.edu.krd
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**
جەنگی عێراق- ئێران رووداو و پێشهاتێکی گرنگ و چارەنووسسازە لە مێژووی هەردوو گەلی عێراق و ئێران و ناوچەکەدا، لەو نێوەندەدا کاریگەری راستەوخۆی لە سەر گەلی کوردو بزاڤی رزگاریخوازی کورد هەبوو، رەنگدانەوەی ئاشکرای لە سەر پەرەسەندن و فراوانبوونی چالاکییەکانی پێشمەرگە هەبوو، لەو ماوەیەدا هێزی پێشمەرگە گورزی کاریگەری لە هێزەکانی حکومەتی عێراق دامودەزگاکانی وەشاند، لە هەمانکاتدا کاریگەری راستەوخۆشی بە سەر پەیوەندی نێوان حزب و رێکخراوە کوردستانییەکان هەبوو، حزب و رێکخراوەکان بوون بە لایەنگری شەڕو چوونە پاڵ یەکێك لەو دوو حکومەتە، جگە لەمە دەستێوەردانی هەردوو حکومەتی عێراق و ئێرانیش لە ناو بزاڤی رزگاریخوازی کورد هەبوو، ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم کاریگەری جەنگ لەسەر گەشەسەندن و فراوانبوونی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە بەرانبەر بە هێزەکانی حکومەتی عێراق خراوەتەروو، تەوەری دووەمیش کاریگەرییەکانی جەنگ و رۆڵی عێراق و ئێران لە پەیوەندی نێوان حزب و لایەنە کوردستانییەکان خراوەتەروو، کە سەرئەنجام شەڕی ناوخۆی خوێناویتر کردو چەندین رووداو و شەڕی توندوتیژ لە نێوان لایەنەکاندا روویدا.

**وشە سەرەکییەکان:** جەنگی عێراق- ئێران، کورد، پێشمەرگە، شەڕی ناوخۆ

## پێشەکی:

**گرنگی توێژینەوەکەو هۆکاری هەڵبژاردنی:** ماوەی جەنگی عێراق- ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨) بە قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد دادەنرێت، چونکە بە درێژایی ئەو ماوەیە هەر دوو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان (عێراق و ئێران) لە جەنگێکی توندوتیژو خوێناویدا بوون بەرانبەر بە یەکتر، بۆیە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ گەلی کورد هاتە پێش بۆ ئەوەی پەرە بە خەبات بدەن لە پێناو بەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد، بێگومان وەرچەرخانێکی گەورە لەخەباتی چەکداری و چالاکی پێشمەرگانە هاتە دی، خەباتی چەکداری لەچوارچێوەیەکی تەسکدا قەتیس نەماو بە شێوەیەکی بەرفراوان گەشەی کرد، هێزی پێشمەرگە لە سەرتاپای کوردستان گورزی کوشندەو کاریگەری لە هێزەکانی حکومەتی بەعس و دامودەزگاکانی وەشاند. لەلایەکی دیکە هەر لەو ماوەیەدا شەڕی ناوخۆو ململانێی چەکداری لە نێوان حزب و رێکخراوە کوردستانییەکان زیاتر تەشەنەی کرد، چەندین شەڕو رووداوی خوێناوی لە نێوانیان روویدا، ئەمەش بووە کۆسپێك لەبەردەم یەکگرتنی هێزەکان بۆ یەکخستنی هەوڵەکانیان لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە عێراقدا، بەمەش ئەو هەلە مێژووییەی بۆ گەلی کورد رەخسا بوو لە دەستدرا، تەنانەت بە کارەساتی گەورەو ماڵوێرانی بۆ سەر گەلی کورد کۆتایی پێهات.

**سنووری توێژینەوەکە:** لە هەڵگیرسانی جەنگی عێراق- ئێران دەست پێ دەکات، کە پێشهات و رووداوێکی گرنگە لە مێژووی کورد لە عێراقدا، چونکە کاریگەری زۆرو رەنگدانەوەی

فره چەشنی بە سەر گەلی کورددا هەبوو، بە کۆتایی هاتن و راوەستانی جەنگ ماوەکەی دوایی دێت، ئەویش دیسان پێشهات و رووداوێکی گرنگ و پڕ بایەخە بۆ گەلی کوردو بزاڤی رزگاریخوازی کورد، چونکە لەو قۆناغەدا خەباتی چەکداری کورد دووچاری نسکۆو هەرەسێکی دیکە بووەوە، گەلی کوردیش لە لایەن حکومەتی عێراق تووشی داپڵۆسین و کۆمەڵکوژی گەورە بوو، تەنانەت مەترسی لەناوچوونی لەسەر دروستبوو.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** خستنەروو و پیشاندانی کاریگەری جەنگی عێراق- ئێرانە لە سەر گەلی کوردو بزاڤە رزگاریخوازییەکەی، ئاشکراکردنی رەنگدانەوەی ئەم جەنگەیە لەسەر پەرەسەندن و بەرفراوانبوونی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە، هاوکات خستنەرووی کاریگەری جەنگەکەو رۆڵی وڵاتانی شەڕکەرە لە پەیوەندی نێوان حزبەکان و شەڕی براکوژی لە نێوان هێزە بەرهەڵستکارە کوردستانییەکان لە عێراقدا.

**پرسیاری توێژینەوەکە:** لێرەدا وەڵامی دوو پرسیار دەدەینەوە، ئایا جەنگی عێراق- ئێران تا چەند ئاستێك کاریگەری لە سەر خەباتی چەکداری و چالاکی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان هەبوو، هەروەها ئەم جەنگە رەنگدانەوەی بە سەر پەیوەندی نێوان حزب و رێکخراوە کوردستانییەکان چۆن بوو، رۆڵی عێراق و ئێران لە شەڕی ناوخۆ و ململانێی نێوان هێزە ناکۆکەکان چی بوو.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم تایبەتە بە فراوانبوون و پەرەسەندنی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی حزب و رێکخراوە کوردستانییەکان، تەوەری دووەمیش تەرخانکراوە بۆ ململانێ و ناکۆکی و شەڕی ناوخۆ لە نێوان ئەم حزب و رێکخراوانە و کاریگەری عێراق و ئێران لە ململانێیەکانی نێوانیاندا.

**سەرچاوەکان:** لەم توێژینەوەیەدا سوود لە کۆمەڵێك سەرچاوەی جیاواز وەرگیراوە، لە نێویاندا سوود لە چەندین بەڵگەنامەی جۆراوجۆر وەرگیراوەو وەکو سەرچاوەی رەسەن مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، هەروەها سوود لە ژمارەیەکی بەرچاو لە یاداشتی کەسایەتییەکان وەرگیراوە، کە زۆربەیان یان بەشداری رووداو و پێشهاتەکان بوون یان شایەدحاڵی رووداوەکانن، جگە لەمانە سوودمان لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە وەرگرتووە کە راستەوخۆ لەوکاتەدا رووداو و زانیارییەکانیان تۆمار کردووە، بەشێکی دیکەی سەرچاوەکان بریتین لە سەرچاوەی کتێب بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی، کە چەندان سەرچاوەی زانستی و ئەکادیمیان لەخۆگرتووە.

## یەکەم/ فراوانبوونی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە.

بەر لە بەرپابوونی جەنگی عێراق-ئێران ژمارەی پێشمەرگەی هەموو حزبەکان لە چەند سەد کەسێك تێپەڕ نەدەبوو، تەنانەت بارەگای جێگیریان لە هیچ ناوچەیەکدا نەبوو، هەروەها حکومەت لە ساڵی ١٩٧٨وە دەستی بە راگواستنی گوندەکانی سنووری ئێران و تورکیا کردبوو (ستار، ٢٠٢١، ٤٩). سەرەڕای ئەوە هێزێکی زۆری لە باشووری کوردستان مۆڵدابوو، لە زۆربەی شوێنەکان بنکەو سەنگەری سەربازی دانابوو، بە هەڵگیرسانی جەنگ ناچار بوو زۆربەی هێزەکانی بکێشێتەوەو بۆ بەرەکانی جەنگی ئێران، ئەمەش لە بەرژەوەندی حزبە کوردستانییە بەرهەڵستکارەکان تەواو بوو (سلێمان بەگ، ٢٠٢١، ٢٩٤)، ئەم حزبانە توانیان ناوچەیەکی فراوان بە درێژایی سنووری عێراق لەگەڵ ئێران رزگار بکەن و هێزەکانیان تێدا جێگیر بکەن (گوندی، ١٩٩٠، ١٢٦)، ئەمەش ئەرکی هێزەکانی پێشمەرگەی ئاسانتر کرد، ناوچەکانی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

باڵەكایەتی و خۆشناوەتی و دەشتی هەولێرو قەرەداغ و شارباژێرو دەشتی كۆیەو زۆرێك لە ناوچەكانی دیكەی بادینان كە سەدان گوندیان لەخۆگرتبوو كەوتنە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە (حەمەد، ٢٠١٩، ١١٣).

لە راستیشدا شەڕی نێوان عێراق و ئێران كاریگەرییەكی بەرچاوی لەسەر پەرەسەندنی شۆڕشی كوردستان هەبوو، لە ماوەی چەند مانگێكدا ژمارەیەكی زۆر لە فڕۆكە و تانک و زرێپۆش سوتان و تێكشكان، بە سەدان ئۆتۆمبێلی سەربازی لەكارخران، بە دەیان تۆپ و راجیمە لەناوچوون، چەندان فرقەی سەربازی بە تەواوی لەناوچوون، هێزەكانی (قوات خاصەو مغاویر) كە پێشتر ساڵانێكی زۆر شۆڕشگێڕانی كوردیان سەركوت كردبوو، لە شەڕەكانی خورەم شەهرو عەبادان و ... هتد بە تەواوی شپرزە بوون و پێكهاتەو رێكخستنی خۆیان لە دەستدا (رێباز، ٢٠١٧، ١٩٣). ئەو چارەنووسەی سوپای عێراق بە تەواوی لە قازانجی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بوو.

تێكشكانی لەشكری عێراق لە بەرانبەر ئێران دەرفەتێكی باش بوو بۆ زیادبوونی جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە، هاوكات جموجۆڵی رێكخستنەكان و سیاسەتی توندوتیژی حكومەت (ستار، ٢٠٢١، ٤٩-٥٠)، بوون بەهۆی ئەوەی دەیان هەزار سەربازی كورد بەرەكانی شەڕ بەجێبهێڵن و روو بكەنە ناوچە ئازادكراوەكان، بەشێك لەوانە بوونە پێشمەرگەو ریزەكانی بزاڤی رزگاریخوازی كوردیان بەهێزتر كرد (حەمەد، ٢٠١٩، ١٥٥). بێگومان ئەمە هەلێكی لەباری رەخساند بۆ حزب و رێكخراوە كوردستانییەكان، بۆ ئەوەی خۆیانی پێ بەهێز بكەن و ژمارەی پێشمەرگەیان زیاتر بكەن.

ئەم بارودۆخە كاریگەری لە سەر زیادبوونی جموجۆڵ و چالاكییەكانی هێزی پێشمەرگەی هەموو حزب و رێكخراوە كوردستانییەكان هەبوو، یەكێك لەوانە پ.د.ك بوو كە بە گوڕوتینەوە پەرەی بە هەڵمەت و چالاكی پێشمەرگانە دژ بە هێزەكانی حكومەت و دامودەزگا حكومی و حزبییەكانی سەر بە رژێمدا، بە جۆرێك لە ماوەی كۆنگرەی نۆیەمەوە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٩ەوە تاوەكو ناوەڕاستی گەلاوێژی ١٩٨٠ پێشمەرگەكانی پارتی تەنها (١٠٨) چالاكییان نواندبوو، زیانە گیانییەكانی حكومەت لە ئاكامی ئەو چالاكیانە (٨٥٠) كوژراو و (٢٠١٨) بریندار بوو، زیانی ماددیشی سوتاندنی (٥٠) ئۆتۆمبێل و زیلی سەربازی و لەكارخستنی (١٠) تۆپ بوو، جگەلەمە دەسكەوتی پێشمەرگە دەیان پارچە چەكی جۆراوجۆر بوو (سەركەوتن بۆ شۆڕشی بیست و شەشی گوڵانی نیشتمانی پێشكەوتووخواز بە سەركردایەتی پارتیمان، ئێزگەی دەنگی كوردستانی-عێراق، ١٩٨٠/٧/٢٠؛ خەبات، ر، ١٩٨٠)، ئەمە لە ماوەی نزیكەی نۆ مانگدا، كەچی تەنها لە مانگی تشرینی یەكەمی ١٩٨٠دا، هێزی پێشمەرگەی پ.د.ك (٣٦) چالاكی ئەنجامدا، زیانە گیانییەكانی حكومەت لە ئەنجامی ئەو چالاكییانە (١٦٩) كوژراو و (٤٨) بریندار بوو، زیانە مادییەكانیشی سوتاندن و لەناوبردنی ژمارەیەك ئۆتۆمبێلی سەربازی و تۆپ و تێكشكاندنی هێلیكۆپتەرێك بوو، دەسكەوتی پێشمەرگەش دەیان پارچە چەكی جۆراوجۆرو كەلوپەلی سەربازی بوو، زیانە گیانییەكانیشی حەوت كوژراو و سێ بریندار بوو (دەنگوباسی كوردستان، ب، ١٩٨٠). پاش ئەوەش جموجۆڵ و چالاكییەكانی هێزی پێشمەرگەی پ.د.ك بەهۆی جەنگی عێراق-ئێران رۆژ لە دوای رۆژ لە زیادبوون و گەشەسەندن دابوو، یەكێك لە گرنگترین و گەورەترین شەڕو چالاكییەكانی هێزی پێشمەرگەی پارتی داستانی حاجی ئۆمەران بوو، كە لە رۆژی ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ هێرشی پ.د.ك دەستی پێكردو ماوەی هەشت رۆژی خایاند، چەندین سەنگەرو بنكەو شوێنی سەربازی سوپای عێراق دەستبەسەر دابگرن،

ئەنجامی ئەم هێرشە کوژرانی پتر لە سەدان سەربازو جاش و بە دیلگیرانی ژمارەیەکی دیکەو کەوتنە دەستی چەندان پارچە چەك و کەرەستەی سەربازی بوو، زیانی پێشمەرگەش کوژرانی (١٤) پێشمەرگە بوو (خەبات، ر، ١٩٨٠؛ دەنگوباسی کوردستان، ب، ١٩٨٠).

سەبارەت بە هێزەکانی پێشمەرگەی (ی.ن.ك) کە یەکێك لە هێزە کاریگەرەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی کوردستان بوو، لە پاش بەرپابوونی جەنگی عیراق-ئێران چالاکی و کردە سەربازییەکانی بەرانبەر بە هێزەکانی حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی دیارو بەرچاو زیادی کرد، بە گوێرەی بەلاغی سەربازی ژمارە (٢٦)ی مەکتەبی سەربازی (ی.ن.ك) لە ١ تاوەکو ٢٢ی ئابی ١٩٨٠ هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی تەنها (١٥) چالاکییان ئەنجامدا (الاتحاد الوطنی الکردستانی، المکتب العسکری، بلاغ رقم (٢٦)، ٢٢/ ٨/ ١٩٨٠)، لەکاتێکدا لە ماوەی مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی (٥٦) چالاکی جۆراوجۆریان لە دژی هێزەکانی حکومەتی عێراق ئەنجام دابوو (الاتحاد الوطنی الکردستانی، المکتب العسکری، بلاغ رقم ٣٤-٣٦-٣٨-٤١، ٣/ ١١/ ١٩٨٠)، لە ساڵانی دواتریش رۆژ لە دوای رۆژ چالاکییەکانی پێشمەرگە لە زیادبوون دابوو، ئەوەتا بە درێژایی ساڵی ١٩٨١ (٧٦٤) چالاکی و ئۆپراسیۆنی سەربازییان ئەنجامدا، زیانە گیانییەکانی حکومەت (١٣٥٤) کوژراو و (٨٦٧) بریندارو (١٣٣) دیل بوو، زیانە ماڵییەکانیش تێکشکاندنی (٥) هێلیکۆپتەرو (٢١) ئۆتۆمبێلی ئیڤاو (٣٦) ئۆتۆمبێلی زیلی سەربازی و دوو تانك و چوار زرێپۆش، لەگەڵ لەناوبردنی دەیان ئۆتۆمبێل و چەك و تەقەمەنی و کەرەستەو ئامێری سەربازی دیکە، زیانی هێزی پێشمەرگەش (٥٨) کوژراو و (٤٠) بریندارو (٦) دیل بوو (احصائیة عن فعالیات الأنصار فی کردستان العراق لعام ١٩٨١، ٣١/ ١٢/ ١٩٨١).

روون و ئاشکرایە زیانەکانی هێزەکانی حکومەت بەراورد بە زیانەکانی هێزی پێشمەرگەی پارتی و یەکێتی یەکجار نا هاوتاو نابەرانبەر بوو، لەکاتێکدا هێزەکانی حکومەت بە جۆرەها چەکی پێشکەوتوو پڕ چەك کرابوون، چەکی دەستی پێشمەرگەش زیاتر چەکی سووك و بچووك بوو، بەڵام ئیرادەی بەهێزی پێشمەرگە بەرانبەر بە ئیرادەی لەرزۆکی هێزەکانی حکومەت لە رادەبەدەر ناهاوتاو نا بەرانبەر بوو، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بوو.

لە لایەکی دیکە ئەم داتاو ئامارانە ئەو راستییە دەسەلمێنن، کە بەهۆی جەنگی عێراق-ئێران حکومەت دەسەڵاتی لە کوردستان لاواز بووەو توانای شەڕکردنی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کەمبووەتەوە، هەر ئەمەش رێخۆشکەر بووە بۆ زیادبوونی رێژەی چالاکییەکانی پێشمەرگەو لێدانی گورزی کاریگەر لە هێزەکانی حکومەت لە لایەن پێشمەرگەوە (حەمەدەمین، ٢٠١٦، ٣٦).

یەکێك لەو حزبانەی لە سەرەتای ساڵانی جەنگی عێراق-ئێران کاریگەری باشی هەبوو حسیك بوو، کە خاوەنی هێزێکی پێشمەرگەی بەرچاو بوو، چەندین فەرماندەی بەتالیۆنەکانی شۆڕشی ئەیلوول ببوون بە فەرماندەی هەرێمی هێزی پێشمەرگەی حسیك، لە زۆربەی ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا چالاکی سەربازییان لە دژی هێزەکانی حکومەت ئەنجام دەدا (حەمەد، ٢٠١٩، ١٢٣). یەکێك لەو ناوچانەی هێزەکانی حسك بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی تێدا کرد سنووری پارێزگای هەولێر بوو، هەر بۆیە لە کۆتایی پایزی ١٩٨٢ سەرکردایەتی حسك لێژنەیەکی لە سەید کاکە (١٩٣٢-٢٠٢٥) و قادر عەزیزو حاجی حاجی برایم بۆ سەرپەرشتیکردنی هێزو رێکخستنەکانی حزبەکەی لە دەڤەرەکە پێکهێنا (شاکەلی، ٢٠٢١، ١٥١).

لەو ساڵەدا هێزەکانی پێشمەرگەی حسك چەندین چالاکییان لە قوڵایی خاکی باشووری کوردستان ئەنجامدا، یەکێك لەو چالاکییانە ئەوەبوو لە کانوونی دووەمی ١٩٨٢ هێزێکی هاوبەشی هەرێمی ١١ی باواجی و هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر لە بناری چیای قەرەچووغ دوو شارەزای فەرەنسییان دەستگیرکرد (کاکل، ب١، ٢٠١٥، ٤٢)، ئامانجی حسك لەو چالاکییە ناچارکردنی حکومەت بۆ ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان بوو. دوای ئەوە حکومەت وەك تۆڵەسەندنەوە هێرشێکی گەورەی کردە سەر چیای قەرەچووغ، بەڵام هێزێکی (ح.ش.ع) لە ناوچەکە رووبەڕوویان بوونەوەو شەڕێکی گەورەیان لەگەڵدا کردن. لەلایەکی دیکەشەوە حکومەت پەیوەندی بە حسك کردو ئامادەیی پێدانی بڕە پارەیەکی زۆری لە بەرانبەر بەردانی دوو شارەزا فەرەنسییەکە کرد، بەڵام حسك رەتی کردەوە (دەروێش، ٢٠٢١، ١٩١-١٩٦)، دواجار حکومەت لە رێی عەبدولرەحمان قاسملۆ (١٩٣٠-١٩٨٩) پەیوەندی بە سەرکردایەتی حسك کرد، لە بەرانبەر ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان و بڕێك پارە دوو پسپۆڕەکە ئازاد کران (کاکل، ب١، ٢٠١٥، ٤٦).

هەرچەندە هەڵگیرسانی جەنگی عێراق-ئێران لە بەرژەوەندی بزاڤی رزگاریخوازی کورد شکاوەو بوو بە هۆی زیاتر گەشەکردنی شۆڕشی کوردستان، لەگەڵ ئەوەش گواستنەوەی شەڕ لە بەرەی باشوور بۆ بەرەی باکوورو کوردستان بە زیانی گەلی کوردو شۆڕشەکەی تەواو بوو، هەر وەکو دەبینین پاش ئەوەی هێزەکانی ئێران ناوچەکانی پێنجوێن و حاجی ئۆمەران و سیدەکان و هەڵەبجەی گرت، لە چەندین رووەوە زیانی بۆ کوردستان هەبوو، سەرباری ئەوەی بوو بە هۆی وێرانبوونی کوردستان، خەڵکی ناوچەکەش ئاوارەو دەربەدەربوون، هاوکات ناوچەی رزگارکراوی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەش بەرتەسکتر بووەوە (رێباز، ٢٠١٧، ٢٤٤). بە دڵنیاییی ئەمە کاریگەری ئاشکرای لە سەر کەمبوونەوەی جموجۆڵ و چالاکییەکانی پێشمەرگە دژ بە هێزەکانی حکومەتی عێراق هەبوو، چونکە گۆڕەپانی خەباتی حزبە بەرهەڵستکارە کوردستانییەکان بچووکتر بووەوە.

کاتێك هێزەکانی حکومەت هەوڵیاندا دەستبەسەر ئەو ناوچە سنوورییانە دابگرنەوە، کە بەشێك بوون لەناوچەی شەڕ لەگەڵ ئێران، دیسان هێزی پێشمەرگە ناچاربوون ناوچەکان چۆڵ بکەن، هەر وەك لەناوچەکانی شارباژێڕو شلێرو پێنجوێن روویدا، چونکە ئەو ناوچانە ببوون بە گۆڕەپانی شەڕی نێوان هەردوو وڵات و هێزەکانی هەردوو لای بە چڕی لێ دامەزرابوو (رێباز، ٢٠١٧، ٣٧٧). بێگومان حزبە کوردستانییەکان نەیاندەویست ببنە بەشێك لە شەڕەکە، لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبوو، چونکە چەکی هێزی پێشمەرگە بچووك و سادە بوو لەئاست شەڕی گەورەی نێوان هەر دوو وڵاتدا نەبوو، بە گشتیش پێشمەرگە لە چالاکییەکانیدا پشتی بە شێوازی شەڕی پارتیزانی دەبەست، نەیدەتوانی شەڕی بەرەیی ئەنجام بدات.

درێژەکێشانی جەنگی عێراق-ئێران بە روونی لاوازبوونی توانای سەربازی عێراق خستەروو، ئەمەش کاریگەری لە سەر زیادبوون و گەشەسەندنی هێزی پێشمەرگە هەبوو، ناوچە دەشتایی و شاخاوییەکان لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە دابوون، رێگا سەرەکییەکانی نێوان شارەکانیش لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی حکومەت دابوون (حەمەد، ٢٠١٩، ١٤٤)، لە ئاکامی ئەوەشدا شەڕی پێشمەرگە لە دژی حکومەتی عێراق لەگەڵ جەنگی عێراق-ئێران بە شێوەیەکی ئاڵۆز یەکانگیر بوو، بووە شەڕێك لەناو شەڕێکی دیکەدا (بینگیۆ، ٢٠١٣، ٢٦٥)، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتی کورد هەوڵی دەدا ئەوە بسەلمێنێت کە دوو شەڕی جیاوازن، لەو پێناوەشدا پ.د.ك بە درێژایی ساڵانی جەنگ چەندین چالاکی و شەڕی دژی هێزەکانی حکومەت

کرد له ناوچەکانی بادینان، کە ئەو ناوچەیە لە سەنگەرەکانی جەنگی عێراق ئێران و سنووری نێوان هەر دوو وڵات دوور بوو (سلێمان بەگ، ٢٠٢١، ٣٢٥).

بەهۆی جەنگی عێراق-ئێران، شۆڕشی کوردستان پشتگوێخرا بوو و لە لایەن ڕاگەیاندنەکانی جیهان بایەخی پێ نەدەدرا، بۆیە سەرکردایەتی سیاسی کورد هەوڵی جدی دەدا بۆ ئەوەی دەنگی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بگەیەنێتە ئاستی جیهان، ئەوتا جەلال تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕادیۆی بیبیسی BBC لە کانوونی دووەمی ١٩٨٨ ئاماژەی بەوەدا :" لە ئێستادا دوو جەنگ هەیە، یەکیان جەنگی عێراق-ئێرانەو ئەوی دیکەیان جەنگی عێراق-کوردە، هیچ بەدیلێك نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە، ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن نەبێت" (حەمەد، ٢٠١٩، ٢٤٧). بێگومان جەلال تاڵەبانی دەیویست دەنگی شۆڕشی کوردستان بە دەرەوە بگەیەنێت و بە وڵاتانی زلهێزو کاریگەری جیهان بڵێت، جگە لە جەنگی عێراق-ئێران، ئەوەتا شۆڕشی کوردستانیش دژ بە حکومەتی بەعس هەیەو بەردەوامە.

**دووەم/ ململانێ هێزە کوردستانییە بەرهەڵستکارەکان.**

هەڵگیرسانی جەنگی عیراق- ئێران هاوپەیمانیی کورد و ئێرانی دامەزراندەوە و دەرفەتێکی نوێی بۆ کورد ڕەخساند بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان لە کوردستان لە پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ (Gurses, 2014, 51)، حزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بە درێژایی ساڵانی جەنگ توانییان سوود لە کشانەوەی سوپای عێراق لە کوردستان و سەرقاڵبوونی بە جەنگ وەربگرن و خۆیان بەڕێوە ببەن، بەڵام هەر دوو لایەنی شەڕکەر هەوڵیاندا کورد وەکو تابووری پێنجەم لە دژی یەکتر بەکاربهێنن، ئەمەش ڕۆڵی بینی لە درێژبوونەوەو قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێو جولانەوەی کوردی (غینتر، ٢٠١٢، ٦١)، هەر وەکو کوردناسی ڕووس (ن.لازاریف) ئاماژەی پێکردووە:"هەر دوو لایەنی شەڕکەر کۆمەڵێك ڕێوشوێنی سیاسی و سەربازی جا بە زۆر بێت یان بە خواست دژ بە کورد گرتەبەر، بووە هۆی ئەوەی هێزە نیشتمانپەروەرەکانی کورد لە ئەرکی سیاسی و خەباتیان دووبکەونەوەو دووبەرەکی و دژایەتی لە نێوانیاندا دروست بێت، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ پەرتەوازەبوونی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، لەبەرئەوە نەیانتوانی ناکۆکییە سەربازییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە بقۆزنەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتییەکان" (لازاریف، ٢٠٠٨، ٥٦٨).

داگیرکەران سوودیان لە دوژمنایەتی لەمێژینەی دوو هێزی سەرەکی کورد (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) بینی، حکومەتی عێراق توانی لە ڕێی ئەمە ڕێگری لە ستراتیژی هاوبەشی نێوان هێزە کوردییەکان بکات و لە دژی یەکتر بەکاریان بهێنێت (Karsh, 2002, 70)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هێزە کوردستانییەکان پرۆژەیەکی هاوبەشیان هەبوایە، ئەوا هاوسەنگی هەرێمی لە بەرژەوەندی کورد دابوو، چونکە دەمێك بوو دوژمنانی کورد بەو جۆرە نەکەوتبوونە گیانی یەکتر، بەڵکو هەمیشە لە دژی کورد پەیمانیان واژۆ دەکردو یەکیان دەگرت بۆ سەرکوتکردنی کوردو لەباربردنی سەرکەوتنەکانی، بەڵام کورد لۆژیکی ستراتیژی سیاسی-سەربازی و یەکێتی لە نێوان لایەنەکان و سەرکردایەتیەکی گشتگیری نەتەوەیی نەبوو، بەڵکو بەرژەوەندی حزبی لە بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی لە پێشتر بوو، بۆیە ئەم هەلە لەبارەی بۆ کورد ڕەخسابوو لە دەستدرا (ستار، ٢٠٢١، ٤٩؛ ڕێباز، ٢٠١٧، ١٨٣).

بە تایبەتی پاش دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی دیموکراتی (الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية- جوقد) لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ بە ئەندامیەتی (ی.ن.ك، ح.ش.ع، حسيك، حزبی بەعسی سۆسیالیستی[1]/سەرکردایەتی هەرێمی عێراق) (جەلال،

کەرتبوون، ٢٠١٧، ١٩٩). هەرچەندە پ.د.ك داوای کرد بەشدار بێت لە بەرەکەدا، (ح.ش.ع)یش پێداگری کرد ئەم بەرەیە بە بێ پارتی سەرناگرێ، کەچی یەکێتی و حزبی بەعس/ سەرکردایەتی هەرێمی عێراق دژی بەشداربوونی پارتی بوون، هەر ئەمەش هۆکاری دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراق (الجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية- جود) پاش دوو هەفتەو لە ٢٨ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ لە لایەن (پ.د.ك، ح.ش.ع، حسيك) بوو (محمد، ٢٠١٩، ١٠١-١٠٢)، ئەمەش بووە هۆی دەرکردنی (ح.ش.ع) و حسك لە بەرەی جەوقەد (عەبدولکەریم، ٢٠١١، ١١٥)، چونکە بە بۆچوونی سەرکردایەتی یەکێتی دامەزراندنی بەرەی جود نرخی بۆ بەرەی جەوقەد نەهێشت، تەنانەت پێیان وابوو لە دژی ئەوان قوتکراوەتەوە، بۆیە پێکهێنانی ئەم دوو بەرەیە لەباتی ئەوەی ببنە یارمەتیدەری یەکترو زەمینەی خەبات و تێکۆشان لە بارتر بکەن بۆ هێزە بەرهەڵستکارەکان دژ بە حکومەتی بەعس، رەوشەکەیان پێچەوانە وەرچەرخاندو بوونە هۆی زیاتر گرژبوون و توندوتیژتربوونی بارودۆخەکە (رسول، ب٢، ١٩٩٢، ٢٣٧-٢٣٨).

ئەم بارودۆخە بووە هۆکارێك کە یەکێتی بکەوێتە بەرەیەك و حزبەکانی نێو بەرەی جودیش بکەونە بەرەکەی دیکە، بەمەش پەیوەندییەکان زیاتر دژوار بوو و شەڕی نێوان لایەنەکان توندتر بوو، تا گەیشت بە ئاستێك هەر دوو لا هەوڵی سڕینەوەی یەکتری بدەن (حەمەدئەمین، ٢٠١٦، ٢٨٥)، هەر دوو لا رەوایەتیان بە هەبوون و دروستی بیروراو هەڵوێست و دروشمەکانی خۆیان دەدا، پێشمەرگەو لایەنگرانی خۆیان لە دژی یەکتر هان دەدا (شاکەلی، ٢٠٢١، ١٤٧). دەکرێت بڵێین پێکهێنان و دروستبوونی ئەم بەرەو هاوپەیمانییانە نەك نەبوونە هۆی زەمینەسازی بۆ یەکخستنی نێو ماڵی کورد و کۆتایی هێنان بە شەری ناوخۆ، بەڵکو درزی نێوان لایەنەکانی قوڵتر کردەوەو بوونە هۆی زیاتر پەرتەوازەبوونی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد.

شیاوی باسکردنە جگە لە فاکتەرە ناوخۆییەکان، دامەزراندنی هەر دوو بەرە لە ژێر کاریگەری و هۆکاری دەرەکی و کارتێکردنی وڵاتانی دراوسێ دابوون، لەبەرئەوەی بەرەی جەوقەد لە لایەن سوریاو بەرەی جودیش لە لایەن ئێران ئاراستە دەکران، سوریاو لایەنە عەرەبییەکان هاوکاری ماددی زۆری یەکێتییان دەکرد، ئێرانیش مانگانە نزیکەی (٩) ملیۆن تومەنی بە پارتی دەدا، ئەمەو جگە لە خۆراك و چەك و تەقەمەنی کە بەشێکی بە حسکیش دەدرا، کەواتە بەرژەوەندی و دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ لە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد، رۆڵی لە دامەزراندن و کۆمەککردنی هەر دوو بەرەکەدا هەبوو (عەبدولکەریم، ٢٠١١، ١٠٨)، هەر بۆیەش هەر دوو لا یەکتریان تاوانبار دەکرد بە هەبوونی پەیوەندی گومانلێکراو لەگەڵ وڵاتانی دەرەکی (گوندی، ١٩٩٠، ١٠٤).

سەبارەت بەو بابەتە، مەلا بەختیار نووسیوویەتی:" پاش ئەوەی جەنگی عێراق-ئێران هەڵگیرسا،... تێزی نەوشیروان [مەبەستی نەوشیروان مستەفایە (١٩٤٤-٢٠١٧) کە ئەوکات سکرتێری کۆمەڵەو جێگری سکرتێری گشتی ی.ن.ك بوو] ئەوە بوو، کە ئەم دوو لایەنە ئاشتەوایی ناکەن. کەوایێ؛ فرسەتە ئێمەش بە تەواوی توانامانەوە، پارتی لەناوبەرین...، شەڕی ناوخۆ بە پێی ئەو تێزە هەتا ساڵی ١٩٨٢ خوێناویتر کرا، بەڵام کە زانرا پارتی و سۆسیالیست لەناوناچن، بەرە بەرە بیرۆکەی ئاشتبوونەوە لەناو یەکێتیدا هاتەئارا" (بەختیار، ٢٠٢٠، ٢٤٨).

مەلا بەختیار لە شوێنێکی دیکەدا تیشك دەخاتە سەر ئەوە کە:" هەموو لایەنەکان لەو بڕوایەدا بوون، ئەم جەنگە، هەلێکی دەگمەنە بۆ بەرنامەو بڕیارە حزبیە تەسکەکان...، پارتی ئەم دۆخەی بە هەل زانی بیقۆزێتەوە...، کە زانییان کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر پشتیوانی ئەوان

دەکات و سۆسیالیست و پاسۆکیش داویانەتە پاڵیان...، ئیتر بە هەلێکی بێوێنەیان زانیبوو، دوای کۆنترۆڵکردنی بادینان، لە سۆرانیشدا تەنگ بە سەرکردایەتی یەکێتی هەڵبچنن و گورزی لێبدەن" (بەختیار، ٢٠٢٠، ٢٥٥-٢٥٦). ئەم جۆرە دەربڕینە بەم نەفەسەو بەو بیرکردنەوەو لۆژیکە، کە بێگومان ئەمە بیرکردنەوەی زۆربەی سەرکردەکانی کورد بوو لەو قۆناغە چارەنووسسازەدا، هۆکارو پاڵنەری سەرەکی بوو بۆ شەڕی براکوژی و نەقۆستنەوەی هەلی هەلگیرسانی جەنگی نێوان دوو وڵاتی داگیرکەری کوردستان، کە بە درێژایی مێژوو بەرانبەر بە دۆزی کورد یەك هەڵوێست بوون، ئەمە گوزارشت لە بیر تەسکی سەرکردەکانی کورد دەکات، هەستیان بە گەورەیی و گرنگی ئەو ئەرکە نەکردووە کە لە ئەستۆیاندا بووە، کەواتە لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتییەدا نەبوون کە هەڵیانگرتبوو، بێگومان گەلی کورد باجەکەیدا نەك سەرکردەو رێبەرانی حزبەکان.

شایانی باسە، ی.ن.ك ناوچەی سۆرانی بە ناوچەی دەسەڵاتی خۆی دەزانی، بۆیە بەبێ گفتوگۆو رێکەوتنی پێشوەختە بواری بە هیچ هێزو لایەنێك نەدەدا کاری سیاسی و چالاکی پارتیزانی لە ناوچەکەدا ئەنجام بدات، بە هەمان شێوە پ.د.ك ناوچەی بادینانی بە ناوچەی خۆی دەزانی و دەسەڵاتی تەواوی بە سەر ناوچەکەدا هەبوو، هیچ هێزو لایەنێك بۆی نەبوو بێ رەزامەندی ئەو کاری سیاسی و چالاکی پارتیزانی لە دژی هێزەکانی حکومەت لە ناوچەکەدا ئەنجام بدات (رسول، ب٣، ١٩٩٤، ١٩٧؛ اردستانی، ١٣٨٧، ٩٤، ١١٨). ئەم پاوانخوازی ناوچەکان و قۆرخکردنی گۆڕەپانی چالاکی سیاسی و سەربازی لە کۆتاییدا بە قازانجی حکومەتی عێراق بوو، چونکە مەودای کاری سیاسی و چالاکی پارتیزانی لە دژی هێزەکانی حکومەت لە لایەن حزبەکان و هێزی پێشمەرگە سنووردار کرد.

هاوین و پاییزی ١٩٨١ شەڕی براکوژی سەرتاپای کوردستانی گرتەوە، لەو شەڕانە دەیان پێشمەرگەو کادیری دڵسۆزو ئازاو لێهاتوو کوژران و بوونە قوربانی (رێباز، ٢٠١٧، ٢١٢)، یەکێك لەو شەڕانە لە ٢٣ی ئابی هەمان ساڵ لە گوندی سێکانیانی دۆڵی جافایەتی بوو، لە کاتی میوانداری و لە پێکدادانێکی خوێناوی نێوان هێزەکانی یەکێتی و حسکدا، ژمارەیەك پێشمەرگە لە هەر دوو لا کوژران و بریندار بوون، لە نێو کوژراوەکاندا شێرکۆ شێخ عەلی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەی سەربازی حسك و جەمالی عەلی باپیر (١٩٤٥-١٩٨١) فەرماندەی هەرێمی چواری یەکێتی بوون (رسول، ب٢، ١٩٩٢، ٣٤٣-٣٤٤؛ بەختیار، ٢٠٢٠، ٢٥٨؛ کوێستانی، ٢٠٢٤، ٢٣٨-٢٣٩)، بەهۆی ئەم رووداوە حسك لە بەیاننامەیەکدا هێرشی توندی کردە سەر یەکێتی و بە هەڵگیسێنەری شەڕی براکوژی و غەدرو خیانەت تاوانباری کرد، لە بەرانبەردا یەکێتیش بەیاننامەیەکی دەرکردو هێرشی توندی کردە سەر حسك (ئەمین، ١٩٩٧، ٢١٠).

پاش ئەم رووداوە حسك شەڕی لە دژی ی.ن.ك راگەیاندو بڕیاری تۆڵەسەندنەوەیدا، هێزێکی حسك بە سەرکردایەتی سەید کاکە کەوتە کێوماڵکردن و لێدانی هێزەکانی ی.ن.ك لە خۆشناوەتی و دەشتی کۆیەو بیتوێن و دۆڵی جافایەتی، شەڕ لە سنووری ناوچەیەك دەرچوو و سەرتاپای کوردستانی گرتەوە (کاکە، ٢٠١٢، ١٩٧-٢٠٤)، بەڵام یەکێتی توانی شکست بە هێزەکەی حسك لە دۆڵی جافایەتی بهێنێت، پاشان دوو هێزی گەورەی کۆکردەوەو لە دوو قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر ناوچەی خۆشناوەتی بۆ لێدان و سەرکوتکردنی هێزەکەی حسك، دواجار توانیان پاشەکشە بە هێزەکانی حسك لە ناوچەکە بکەن و پەرشوبڵاویان بکەن، هەمان هێزی (ی.ن.ك) روویان کردە ناوچەی دۆڵە رەقەو لە کۆتایی هاویندا لە پێکدادانێك لەگەڵ

پێشمەرگەکانی هەرێمی چواردەی حسك، چەندین پێشمەرگە لە هەر دوو لا کوژران و برینداربوون، لە نێویاندا عەوڵا سووری فەرماندەی هەرێمی حسك کە دوای دەستگیرکردنی کوژرا (حەمەد، ٢٠١٩، ١٢٥-١٢٦).

جێی ئاماژەیە، لەو ماوەیەی کە حزبە کوردستانییەکان خەریکی شەڕی براکوژی بوون، لە چەند شوێنێکی جیا جیا نەبێت، ئەگەر نا هێزی پێشمەرگە هیچ شەڕێکی لە دژی هێزەکانی حکومەت ئەنجام نەدا (رێباز، ٢٠١٧، ٢١٠)، بۆیە ئەفسەرو سەربازانی سوپای عێراق بە شەڕی نێوان براکان و شێتیەتی پێشمەرگە پێدەکەنین و گاڵتەیان پێ دەهاتن (رێباز، ٢٠١٧، ٢٠٨).

لە ساڵی ١٩٨٢دا شەڕو پێکدادانەکان لە نێوان حزب و رێکخراوە کوردستانییەکان زیاتر پەرەیسەند، بەڵام چەند هەوڵێکیش بۆ نزیك بوونەوەو ئاشتەوایی دران (حەمەدئەمین، ٢٠١٦، ٢٦٢)، بە چەشنێك لە مانگی ئادار پرۆژەیەکی ئاشتی لە نێوان یەکێتی و حسك هاتە ئاراوە، هەرچەندە هەر دوو لا بۆچوونەکانیان لێك نزیك بوو، بەڵام متمانە لە نێوانیاندا کەم بوو، لە هاوینی هەمان ساڵ و لە ٢٨ی تەمموز نوێنەرانی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) لە بارەگای (ح.ش.ع) لە پشتئاشان کۆبوونەوە، زیاتر جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە رێگە بدرێت هێزەکانی یەکێتی بچنە بادینان و هی پارتیش بچنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی، لە ئەنجامی ئەو هەوڵگاوانە پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ پارتی و (ح.ش.ع) و حسك باشتر بوو، بەیاننامەی هاوبەشیان دەرکردوو و بەڵێنیان بە خەڵکی کوردستاندا جارێکی دیکە شەڕی براکوژی هەڵنەگیرسێننەوە (ڕەشید، ٢٠٢٢، ٢٠٦-٢٠٧؛ سنجاري، ج٢، ٢٠٠٩، ٢٨٨-٢٩٠).

سەرەڕای ئەو رێکەوتن و لێك تێگەیشتنانەش، جارێکی دیکە پەیوەندی نێوان هێزو لایەنەکان گرژی و ئاڵۆزی تێکەوتەوە، ئەوەتا لە ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٨٣ هێزێکی (ی.ن.ك) هێرشیان کردە سەر بارەگای (پ.د.ك) لە (بلاروکاوە)، سێ رۆژ دواتریش (١٢) پێشمەرگەی (حسك)یان چەك کرد کە لەچالاکییەك دژی هێزەکانی حکومەت دەگەڕانەوە، دوای ئەوە لەشەوی ١١-١٢ی شوباتی ئەو ساڵە بۆسەیەکیان بۆ هێزێکی (ح.ش.ع) داناوە، کە ئەوانیش پاش ئەنجامدانی چالاکییەك دژی هێزەکانی حکومەت دەگەڕانەوە، هەر لەو ماوەیەدا هێرشیان بردە سەر هێزەکانی بەرەی جود لەگوندەکانی نێرەگین و میرکەو جلبەسەرو چەند گوندێکی دیکە، لەئەنجامی ئەمە مزگەوت و چەند ماڵێکی گوندی نێرەگین وێران بوون، سەرباری هەموو ئەوانەش دوو دیل کە پێشمەرگەی حسك بوون لەبەرچاوی خەڵك لەسێدارەیاندان، هەروەها لەئاکامی ئەو هێرشانە هەشت پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان بوونە قوربانی و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون (نداء الجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية في أربيل حول أعمال الاتحاد الوطني الكردستاني ضد أطراف الجبهة، السادس عشر من شباط ١٩٨٣).

هۆکار زۆرن بۆ شکستهێنانی هەوڵەکان بۆ ئاشتەوایی نێوان لایەنە ناکۆکەکان، نەبوونی متمانە لە نێوان هۆکاری سەرەکی بوو، چونکە پێشتر چەندین جار هێزەکانی هەر دوو لای دژبەیەك رووبەرووی یەکتر ببوونەوەو چەندین شەڕو پێکدادان لە نێوانیان روویدابوو، دەیان پێشمەرگەو ئەندام و کادیر لە نێوانیان کوژرا بوون، جگە لەمە هەوڵی پاوانخوازی و دەسەڵات سەپاندن لە لایەن حزبەکان و لوتبەرزی و خۆ بە گەورە زانی زۆربەی سەرکردەکانی پیشمەرگە و حزبەکان، رێگر بوو لەوەی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی سازش بۆ یەکتری بکەن و چاوپۆشی لە هەڵەی یەکتری بکەن و دان بە هەڵە و کەموکوڕی خۆیان دابنێن.

لەو بارودۆخە دژوارەدا لە ٦ی شوباتی ١٩٨٣ لە تەرابلوسی پایتەختی لیبیا (١٩) حزب و رێکخراوی بەرهەڵستکاری عێراق رێکەوتنێکیان واژۆکرد، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە ناکۆکی و

ململانێیەکانی نێوانیان و هەماهەنگیکردن بۆ یەکخستنی هەوڵەکانیان لەپێناو رووخاندنی رژێمی حوکمڕان لە عێراق (نەبەز، ٢٠٠٨، ٩٧-٩٨؛ علی، ١٩٩٢، ٢٧٠)، لە رێکەوتنەکەدا بڕیار لە سەر پێنج خاڵ درا، لە خاڵی دووەم ئاماژە بە پێدانی ئۆتۆنۆمی راستەقینە بە گەلی کوردستان کرابوو، لە خاڵی کۆتاییش داوای راگرتنی هەڵمەتی راگەیاندن لە دژی یەکترو وەستاندنی دەستبەجێی ناکۆکی و پێکدادانە چەکدارییەکان کرابوو، هاوکات پاش یەکخستنی هەموو بەرەکان لە ماوەی مانگێکدا لە رۆژی واژۆکردنی بەیاننامەکەوە کرابوو (سنجاري، ج٢، ٢٠٠٩، ٣٠٥-٣٠٨)، بەڵام تێڕوانینی هێزە بەشداربووەکان لە بارەی جەنگی عێراق-ئێران جیاواز بوو، ئێران نەیاری یەکێتی بوو، حزبەکانی نێو بەرەی جود لە بەرانبەر یەکێتی یەك هەڵوێست بوون، بە تایبەتی رەخنەیان لە پاوانخوازی یەکێتی لە ناوچەکانی کەرکووك و گەرمیان هەبوو (حەمەد، ٢٠١٩، ١٦١).

(ح.ش.ع) بایکۆتی رێکەوتنەکەی کرد، هەروەها لە کۆبوونەوەکانی کۆتایی هێنان بە پێکهێنانی بەرە، بەرەی جود رەتیکردەوە بێ رەزامەندی کۆماری ئیسلامی ئێران واژۆی بەیاننامەکە بکات، دیار بوو بایکۆتی (ح.ش.ع) و هەڵوێستی پارتی لە چوارچێوەی کۆبوونەوەکەدا هاوتەریب بوو و بوونە رێگر لەپێکهێنانی بەرەیەکی فراوان، هەر بۆیە یەکێتی رەخنەی لەهەر یەك لە (ح.ش.ع) و پارتی گرت و تۆمەتباری کردن بەوەی پابەندی رێکەوتنەکە نەبوونە، ئەمەش گرژییەکانی نێوان یەکێتی و بەرەی جودی زیاتر کرد (علی، ١٩٩٢، ٢٦٩-٢٧٠).

دیارە لەوکاتەدا هەندێك کێشە لە کوردستان روویاندا، هێندەی دیکە لە بەهای رێکەوتنەکەیان کەمکردەوە، لە هەمووی گرنگتر هاتنی هێزەکانی پارتی بە سەرکردایەتی حەسۆ میرخان ژاژۆکی (١٩٣٢-١٩٨٣) بە یارمەتی ئێران لە شوباتی ١٩٨٣ بوو بۆ نزیك بارەگاکانی یەکێتی لە ناوزەنگ و گرتنی بەرزاییەکانی بەرانبەر لێیان (جەلال، چەپکێك، ٢٠١١، ٣٨٤)، هەروەها لە رۆژانی ١١-١٢ی شوباتی ١٩٨٣ لە ناوچەی هەولێر پێکدادان لە نێوان هێزەکانی (حسك) و (ح.ش.ع) لەگەڵ یەکێتی روویدا، لە ئاکامدا ژمارەیەك پێشمەرگە کوژران و بریندداربوون (هەڵەدنی، ٢٠٢٠، ١٢٧)، بەهۆی ئەمە لیژنەی هەولێری بەرەی جود لە ١٦ی شوباتی ١٩٨٣ بەیاننامەیەکی توندی دژی یەکێتی بڵاوکردەوە، لە رۆژی ٢٠ی شوبات وتەبێژی یەکێتی وەڵامی بەیاننامەکەی بەرەی جودی دایەوە، لە ئاکامی ئەم هەڵسوکەوتانە رەوشی کوردستان گەیشتە ئەوپەڕی ئاڵۆزی و بە کردەوە دەق رێکەوتنەکە پوکایەوە (ئەمین، ١٩٩٧، ٢٨١).

لەم رووەوە یەکێتی (ح.ش.ع)ی تۆمەتبارکرد بەوەی پێشبینی کردبوو بێلایەن بمێنێتەوە و دواتر بەشداری بکات لە چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام لەبری ئەوە لایەنگری (حسك)ی کرد لە دژی یەکێتی، بەبێ گوێدانە هەموو ئەو رێکەوتنانەی کە پێشتر عەزیز محەمەدی سکرتێری حزبەکە واژۆی لەسەر کردبوو، جگە لەوەش لە ٧ی شوباتی ١٩٨٣ رێکەوتنێك لە نێوان یەکێتی و (ح.ش.ع) واژۆ کرابوو، بۆ ئەوەی هەموو ناکۆکییەکان بە رێگەی سیاسی و ئاشتیانە چارەسەر بکرێن (عیسا، ب١، ٢٠١٤، ٢٧٧).

لە راستیشدا تا جەنگی عێراق-ئێران گەورەتر دەبوو، شەڕی براکوژیش زیاتر پەرەی دەسەند، لە کاتێکدا هەلێکی لە بار هاتبووە پێشەوە بۆ ئەوەی هەموو حزبە کوردستانییەکان یەکبگرن و لە بەرانبەر هەر دوو هێزی داگیرکەر سەنگ و قورسایی خۆیان دەربخەن، بەڵام ئەوەی بیریان لێ نەدەکردەوە یەکگرتن بوو، هەر لایەنەو بە ئارەزووی خۆی شەڕی دەکرد،

ئەمەش کاری ئێرانی ئاسانتر کرد، بۆ ئەوەی بە بیانووی یارمەتی بە نەرمی دەست لە کاروباری کورد وەربدات، بگرە توانی تارادەیەکیش دەستیان بە سەر دابگرێت (گوندی، ١٩٩٠، ١٢٦).

لە سایەی ئەم بارودۆخە دژوارەدا لە سەرەتای نیسان تا یەکی ئایاری ١٩٨٣ لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا چەندین شەڕو پێکدادان لە نێوان یەکێتی و هێزەکانی بەرەی جود ڕوویدا، بێگومان ئەم شەڕو ئاڵۆزیانە لە نێوان حزبە کوردستانییەکان هۆکار بوو بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پیشمەرگە لە خەباتی پێشمەرگایەتی سارد ببنەوەو خۆیان رادەستی حکومەتی عێراق بکەنەوە، جگەلەوەش ئەم قۆناغەی شەڕی براکوژی کە حکومەتی عێراق سەرقاڵی جەنگ بوو لەگەڵ ئێران، بە هەموو لایەنەکان دەیانتوانی گورزی کاریگەر لە هێزەکانی حکومەت بوەشێنن و حکومەت ناچار بە پاشەکشەو تەنانەت ڕێکەوتنیشی بکەن (سەعید، ٢٠١٦، ٣٦٨؛ کوێستانی، ٢٠٢٤، ٢٧٤؛ شاکەلی، ٢٠٢١، ١٥٥-١٥٧).

سەبارەت بە هەڵوێستی ئێران لەم ڕووداوانە، بە تایبەتی هێرشی یەکێتی لە ٣٠ی نیسانی ١٩٨٣ بۆ سەر سەرکردایەتی (حسك، ح.ش.ع، پاسۆك) لە ئاشقوولکەو پشتئاشان و قڕناقە، مەسعود بارزانی باس لەوە دەکات کە:" هەوڵێکی زۆرماندا‌و هێزێکی زۆریشمان ئامادەکرد بە مەبەستی بەهاناوەچوونی هێزەکانی جود، بەڵام ئێران بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو و ڕێگەی نەدا هێزەکانمان بگەنە شوێنی شەڕەکە، بۆیە نەتوانرا هیچ بکرێت، چونکە دیاربوو حەزی نەدەکرد هیچ لایەك لە شەڕەکاندا سەربکەوێت" (بارزانی، ب٤، ٢٠٢٢، ١٤٦-١٤٧).

لە لایەکی دیکەوە هەندێك سەرچاوە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە، کە هێرشی یەکێتی بۆ سەر سەرکردایەتی حزبەکانی نێو بەرەی جود، بە هەماهەنگی نێوان حکومەت و یەکێتی بووە، بە تایبەتی لە نێوان شێخ جەعفەر بەرزنجی (١٩٨١-١٩٩٠) پارێزگاری ئەوسای سلێمانی و شێخ جەعفەر شێخ مستەفا قەرەداغی بووە، گوایە پێشوەختە پلانی هاوبەشیان بۆ هێرشەکە داناوەو یەکێتی بە کۆمەك و پشتیوانی حکومەتی عێراق پەلاماری بارەگای سەرکردایەتی (ح.ش.ع) و حسك و پاسۆکی لە پشتئاشان و قڕناقە داوە، تەنانەت ڕێکخستنەکانی (ح.ش.ع) لە ناو شاری سلێمانی هەوڵیان داوە لە ڕێی بەهادین نوری[1] سەرکردایەتی حزبەکەیان لە پلانەکە ئاگادار بکەنەوە، بەڵام ناوبراو لەبەر هەر هۆکارێك بێت سەرڕووی خۆی ئاگادار نەکردووەتەوە (حامید، ٢٠٢٠، ٥٤-٥٥). بەم پێیە بە کردەوە حزبە کوردستانییەکان بۆ سەر هەر دوو دەوڵەتی شەڕکەر (عێراق و ئێران) دابەش بوون.

بە درێژایی ساڵانی جەنگی عێراق-ئێران هەر دوو لایەنی شەڕکەر هەوڵی زۆریاندا بۆ ئەوەی هێزەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشن. لەو بوارەدا داگیرکەرانی کوردستان بە ئاشکراو بە نهێنی، بێ درێخی کردن بە چەندان ڕێبازو شێواز کەوتنە پیلانگێران بۆ قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکان، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست ئاگرێ شەڕی براکوژی لە ناو کورددا خۆش بکەنەوە، بەو چەشنەی دەیانەوێت ئامۆژگاری و ڕێنوێنی سەرکردەکانی کورد بکەن (رسول، ب٣، ١٩٩٤، ٣٤٨)، لەو نێوەندەدا حکومەتی عێراق ڕۆڵێکی کاریگەری دەگێڕا، بەو چەشنەی کە خۆی خوازیاری بوو دەستێوەردانی دەکرد، حکومەتی بەعس هەوڵی دەدا تا ئەو شوێنەی بۆی هەڵدەکەوێت حزبە کوردییەکان بکات بە دوژمنی یەکتر، بە جۆرێك هیچ ڕێگایەکی ئاشتی و گفتوگۆ لە نێوانیاندا نەمێنێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە بوو سەرکردایەتی کورد پارچە پارچەو لاواز بێت و هیچ ئومێدێك بۆ یەکگرتن نەمێنێتەوە (کاکۆ، ٢٠٢٢، ٤٨١).

سەبارەت بە ئێرانیش لە بەشێك لە نامەو بروسکەکانی هێزەکانی نێو بەرەی جود بۆ یەکتری بە ڕوونی هاوکاری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ بەرەی جود لە دژی یەکێتی دەردەکەوێت

(عەبدولكەریم، ٢٠١١، ١٣١)، هەر بۆیە سەركردایەتی (ی.ن.ك) لە رێگەی سوریاو لیبیاوە فشارێكی زۆریان خستە سەر پارتی و ئێران، بۆ ئەوەی شەڕیان پێ نەفرۆشن و پەلاماری بارەگاكانیان نەدەن، هەوڵی زۆریاندا كاربەدەستانی ئێران هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بە یەكێتی بگۆڕن، چونكە بە هۆی هاوكارییەكانی یەكێتی بۆ حدكا، ئێران زۆر تورە بوو لە سەركردایەتی یەكێتی، تەنانەت رێگر بوون لەوەی بەرەی جود ئاشتی و رێكەوتن لەگەڵ یەكێتیدا بكات (ئەمین، ١٩٩٧، ٢٨٩؛ رسول، ب٣، ١٩٩٤، ٢٦٦-٢٦٧).

شێوازێكی دیكەی كاریگەری جەنگی عێراق-ئێران لە سەر قوڵكردنەوەی شەڕی ناوخۆ، ئەوەبوو هەندێكجار هێزەكانی حكومەتی عێراق بەئەنقەست لە هەندێ ناوچە دەكشانەوە، بۆ ئەوەی لە نێوان لایەنە ناكۆكەكان شەڕی براكوژی لە سەر ناوچەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی زیاتر پەرە پێ بدەن و پتر خۆیانی پێ لاواز بكەن (عەبدولكەریم، ٢٠١١، ١٣٢)، سەرەڕای ئەمانە هەندێكجار هۆكاری شەرو پێكدادانەكان دەزگا سیخوڕی و راگەیاندنەكانی دوژمنانی كوردستان بوون، رژێمی بەعس بە بەردەوامی دووبەرەكی و دڕندۆكی و شەڕی براكوژی پەرە پێدەدا، هەر وەكو لە نووسراوێكی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری گشتی دەبینرێت، حكومەتی بەعس داوای لە سیخورو بەكرێگیراوەكانی كردووە هەوڵی تێكدانی پەیوەندی یەكێتی لەگەڵ (حسك) و (ح.ش.ع) بدەن، ئەمەش لە رێگەی بڵاوكردنەوەی بانگەشەو لێدانی بارەگاكانی یەكێتی و دانانی كەمین لە ناوچەكانی دۆڵی ئالانەو سماقوڵییان و خۆشناوەتی (رسول، ب٣، ١٩٩٤، ٢٠٤-٢٠٥).

سەرباری ئەوەی كورد بە هۆی ناكۆكی ناوخۆییەوە نەیتوانی كەڵك لە لاوازی وڵاتانی ناوچەكە وەربگرێت، سیاسەتی وڵاتانی زلهێزیش هۆكارێكی دیكە بوو بۆ پتر ئاڵۆزبوونی پرسی كورد بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٨٤ بە دواوە، لەبەرئەوەی ئەمریكا هەموو هەوڵێكی خۆیدا بۆ ئەوەی رێگری لە هەناردەی چەك بۆ ئێران بكات، ئەمەش براوەی كۆتایی شەڕەكەی دیاری كرد، چونكە بەهێزبوونی عێراق لەلایەك و سیاسەتی ئێران بەرانبەر بە كورد لەلایەكی دیكەو لەو نێوەندەشدا كودەتا سەربازییەكەی توركیا كە لە ساڵی ١٩٨٢ دەستورێكی سەركوتكەرو ئاراستەی بەرەو رۆژئاوای دانا، بووە هۆی ئەوەی سیاسەتی ئەمریكا زیاتر بە لای توركیادا بشكێت (خاروداكی، ٢٠١١، ٢٦٤). بێگومان ئەمەش لە بەرژەوەندی پرسی كورد نەبوو، چونكە بووە هۆی زیاتر لێك نزیكبوونەوەی عێراق و توركیا لە دژی كورد، جگەلەمە لە نێو داگیركەرانی كوردستاندا توركیا كاریگەرترین و سەرسەختترین دوژمنی كورد بوو، دەكرا كاریگەری نەرێنی لە سەر هەڵوێستی ئەمریكاو وڵاتانی رۆژئاوا لە دژی كورد هەبێت.

جێگای ئاماژە پێدانە لەگەڵ ئەو بارودۆخە ناهەموارەی بەرۆكی حزبە كوردستانییەكانی گرتبووەوە، بەڵام هەر لەو ماوەیەدا چەند هەوڵێك بۆ ئاشتبوونەوە دران، لە پایزی ١٩٨٤ ئەدیب و نووسەرانی كورد محەمەدی حەمە باقی و فەرەیدوون دارتاش و محەمەد موكری هەوڵی لێك نزیككردنەوەی هێزو لایەنە كوردستانییەكانیاندا، هاوكات سەركردایەتی ی.ن.ك نوێنەرانی خۆی ناردە سەركردایەتی (ح.ش.ع) لە بارزان، خواستی حزبەكەیان بۆ ئاشتبوونەوەو هەڵدانەوەی لاپەڕەیەكی نوێ دەربڕی (رسول، ب٣، ١٩٩٤، ٤١٥-٤١٦)، بەڵام ئەم هەوڵانە شكستیان هێنا چونكە هێشتا برینەكانی رووداوەكانی قرناقەو پشتئاشان و كونەكۆتر سارێژ نەببوون، لە لایەكی دیكەوە ی.ن.ك كەوتبووە گفتوگۆ لەگەڵ حكومەتی عیراق، هێزەكانی نێو بەرەی جود بە هەموو شێوەیەك دژی گفتوگۆی یەكێتی لەگەڵ حكومەتدا بوون و هەڵوێستی

دژیان بە توندی ڕاگەیاند بوو (بەیاننامەی لێژنەی بەرزی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراق، ٩ی شوباتی ١٩٨٤).

دەکرێت بڵێین حزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان دەرفەتێکی گەورەی مێژووییان بۆ رەخسا، سەرقاڵبوونی بەشێکی زۆری سوپای عێراق بە شەڕی ئێران و لاوازبوونی حکومەتی بەعس، دەکرا سوودی زۆر بە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بگەیەنێت، بەڵام لە بری یەکگرتن کە خەڵکی کوردستان ئاواتەخوازی بوون، ململانێی ناوخۆیی لە نێوان هێزە کوردییەکان سەریهەڵدا و شەڕی براکوژی لێکەوتەوە، ئەم دابەشبوونە لە کۆتاییدا سوودی بۆ حکومەتی عێراق هەبوو، توانی لەو دۆخە ناسك و دژوارەی تێیدایە خۆی لە پێدانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد بە دوور بگرێت. تا سەرئەنجام لە دوو ساڵی کۆتایی جەنگەکەدا، ئینجا حزب و ڕێکخراوە کوردییەکان دەستیان لە بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و سیاسەتی پاوانخوازی هەڵگرت، ئیتر وردە وردە هەنگاوەکانی ئاشتبوونەوەی گشتی دەستی پێکرد و هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس یەکخران.

**ئەنجام:**

لە کۆتاییدا بەم ئەنجامانە گەیشتین:

١- بەرپابوونی جەنگ وەرچەرخانێکی گەورەو کاریگەر بوو بە سەر خەباتی چەکداری و چالاکییەکانی پێشمەرگە، حزب و لایەنە کوردستانییەکان توانیان ناوچەیەکی بەرفراوان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، کە بە ناوچەی ئازاد کراو لە قەڵەم دەدرا.

٢- لەگەڵ ئەوەی جەنگ کاریگەری لە سەر فراوانبوونی چالاکییەکانی پێشمەرگە هەبوو، بەڵام زۆرجاریش دەبووە هۆی بەرتەسکبوونەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، بە تایبەتی کاتێك بەرەی شەڕ لە ناوچەکانی باشووری عێراق بۆ کوردستان گوازرایەوە.

٣- بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگ شۆڕشی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر لە میدیای دەرەوە پەراوێز خرابوو، لە ڕاگەیاندن و میدیای وڵاتان باسی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد نەدەکرا.

٤- وێڕای ئەوەی جەنگ کاریگەری بەرچاوی لەسەر گەشەسەندنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد هەبوو، بەڵام لەو قۆناغەدا پەیوەندی نێوان حزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەرەو ئاڵۆزی و گرژی زیاتر چوو، شەڕی ناوخۆ بە شێوەیەکی بەرچاو توندوتیژتر بوو، چەندین شەڕو ڕووداوی نەخوازراو لە نێوان هێزە ناکۆکەکان ڕوویدا.

٥- هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران ڕۆڵیان لە قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە ناکۆکەکان هەبوو، ئاگری شەڕی براکوژییان خۆشتر کرد، بۆ ئەوەی حزبەکان دەرفەتی ئەوەیان نەبێت ئەو هەلە مێژووییەی بۆ کورد هاتبووە پێش بقۆزنەوەو لە بەرژەوەندی گەلی کورد سوودی لێ ببینن.

٦- حزب و لایەنە کوردستانییەکان نەیانتوانی بێ لایەنی خۆیان لە جەنگدا بپارێزن، بەڵکو بە سەر هەردوو لایەنی شەڕکەر دابەش بوون، هەر یەکێکیان لە لایەن وڵاتێکی داگیرکەر پاڵپشتی دەکرا، تەنانەت لە دژی یەکتر هاندەدران بۆ ئەوەی ئاگری شەڕی براکوژی خۆشتر بکەن و ناکۆکییەکان قوڵتر بکەنەوە.

**پەراوێزەکان:**

[1] لە شوباتی ١٩٦٦ لێکترازانێك لە حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی ڕوویداو بۆ دوو بەرە دابەش بوو، باڵی سەرکرایەتی نەتەوایەتی کە باڵی ڕاستڕەو بوو و ئەحمەد حەسەن بەکرو سەددام حوسێن سەرکردایەتییان دەکرد، باڵی ڕێکخستنی هەرێمی عێراق کە باڵی چەپڕەو بوو، دوای کودەتای ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ باڵی هاتە سەر دەسەڵات، باڵی دووەم عێراقیان جێهێشت و لە

دیمەشق رۆژنامەی (صوت الجماهیر)یان دەرکرد، لە سەرکردەکانیان (د. فاضل الانصاري، مهدي العبیدي، محمود الشیخ راضي، هاني الفكیكي و...هتد، لە چەندین بەرەی بەرهەڵستکاری دژ بە حکومەتی بەعس و سەددام حوسێن بەشدارییان کردووە، لە پاش رووخانی حکومەتی بەعس لە ٢٠٠٣ بەشێکیان گەڕانەوە بۆ عێراق و بەشداری کاروباری سیاسییان کرد. بڕوانە: محەمەد فاتیح، حزب و رێکخراوە سیاسییە...، ل ١٣٣.

[٢] بەهادین شێخ نوری بابا عەلی قەرەداغی (١٩٢٧-٢٠٢٠): لە گوندی تەکیەی سەر بە قەزای قەرەداغ لە پارێزگای سلێمانی لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٤٦ پەیوەندی بە (ح.ش.ع) عێراقەوە کردووە، لە ١٩٤٩ تاوەکو ١٩٥٣ سکرتێری (ح.ش.ع) بووە، لەو ساڵە دەستگیر کراوەو حوکمی زیندانی هەتاهەتایی دراوە، لەپاش شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ ئازاد بووەو پەیوەندی بە (ح.ش.ع) کردووەتەوەو بەردەوام بووە تا ساڵی ١٩٨٤ لەدەستی لەکارکێشاوەتەوە، لە ١٩٩٤ بزووتنەوەی دیموکراتی کوردستانی دامەزراندو تا ٢٠٠٤ دەستی لە سکرتێری حزب کێشایەوەو لە سلێمانی دانیشت. بڕوانە: جمال بابان، أعلام الكرد، ج٢، ط٢، دار اراس للطباعة والنشر، اربیل، ٢٠١٢، ص٧٤-٧٥.

**سەرچاوەکان:**


- بەیاننامەی لێژنەی بەرزی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی، ٩ی شوباتی ١٩٨٤.
- سەرکەوتن بۆ شۆڕشی بیست و شەشی گوڵانی نیشتمانی پێشکەوتووخواز بە سەرکردایەتی پارتیمان، ئێزگەی دەنگی کوردستانی-عێراق، ١٩٨٠/٧/٢٠.
- احصائیة عن فعالیات الأنصار في كردستان العراق لعام ١٩٨١، ٣١/ ١٢/ ١٩٨١.
- الاتحاد الوطنی الكردستانی، المكتب العسكری، بلاغ رقم (٢٦)، ٢٢/ ٨/ ١٩٨٠.
- الاتحاد الوطنی الكردستانی، المكتب العسكری، بلاغ رقم ٣٤-٣٦-٣٨-٤١، ٣/ ١١/ ١٩٨٠.
- نداء الجبهة الوطنیة الدیمقراطیة العراقیة في أربیل حول أعمال الاتحاد الوطني الكردستاني ضد أطراف الجبهة، السادس عشر من شباط ١٩٨٣.
- بینگیۆ، ئۆفرا، ٢٠١٣، کوردی عێراق، بنیاتنانی دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا، و:سۆران مستەفا کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- جەلال، کاوە تەیب، ٢٠١٧، کەرتبوون لەنێو پارتە سیاسییەکان لە باشوری کوردستان ١٩٧٦-١٩٨٨، دەزگای ئایدیا، سلێمانی.
- حەمەدئەمین، ئەحمەد، ٢٠١٦، ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەك نموونە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- حەمەد، دلێر ئەحمەد، ٢٠١٩، مێژووی جولانەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- خاروداکی، ماریانا، ٢٠١١، کوردو سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان- پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ١٩٤٥وە، وەرگێڕانی: مامكاك، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- رسول، فاتح، ١٩٩٢، چەند لاپەرەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان- ڕووداو و بەڵگەنامە ١٩٨٠ و ١٩٨١، ب٢، ب.ش.
- رسول، فاتح، ١٩٩٤، چەند لاپەرەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد- ڕووداو و بەڵگەنامە ١٩٨٢-١٩٩٠، ب٣، سوید.

- ستار، سەردار، ٢٠٢١، شۆڕشی گەل و دەسەڵاتی خۆسەپێن ١٩٧٥-٢٠١٩، باشووری کوردستان.
- عەبدولکەریم، سەلام، ٢٠١١، ژیانی سیاسیی لە باشوری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١ "سەرهەڵدانی رەوتی سۆسیالیستی و دروستبونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان" وەک نمونە، چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ب.ش.
- عیسا، حامید مەحمود، ٢٠١٤، کێشەی کورد لە عێراق، و: سوارە قەڵادزەیی، ب١، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، هەولێر.
- فاتیح، محەمەد، ٢٠١٢، حزب و رێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان ١٩١٠- ٢٠١٠، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.
- لازاریف و ئەوانیتر، م. س.، ٢٠٠٨، مێژووی کوردستان، و: وشیار عەبدوڵلا سەنگاوی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
- محمد، کاروان جوهر، ٢٠١٩، ئیدریس بارزانی ١٩٤٤-١٩٨٧ ژیان و رۆڵی سیاسی و سەربازی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورددا، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- نەبەز، جەمال، ٢٠٠٨، ئێستەو پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد، چ٢، هەولێر.
- هەڵەدنی، ژیلوان عەبدوڵلا، ٢٠٢٠، رۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە باشووری کوردستان دا (١٩٧٥-١٩٩١)، دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، سلێمانی.
- بابان، جمال، ٢٠١٢، أعلام الكرد، ج٢، ط٢، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل.
- سنجاري، علي، ٢٠٠٩، القضية الكوردية وحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق، ج٢، ط١، مطبعة خاني، دهوك.
- على، حامد محمود عيسى، ١٩٩٢، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، مكتبة مدبولى، القاهرة.
- غينتر، مايكل إم، ٢٠١٢، كورد العراق آلام وآمال، ت: عبدالسلام النقشبندي، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل.
- اردستانى، حسين، ١٣٨٧، تكاپوى جهانى براى توقف جنگ، كتاب ٥٢، مركز مطالعه وتحقيقات جنگ، تهران.
- Gurses, David Romano and Mehmet, 2014, Conflict, Democratization, and the Kurds in the Middle East Turkey, Iran, Iraq, and Syria, Palgrave Macmillan, New York.
- Karsh, Efraim, 2002, Essential Histories The Iran-Iraq War 1980-1988, Osprey Publishing, Oxford.
- ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ١٩٩٧، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن- دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٩-١٩٨٣، ب.ش.
- بارزانی، مەسعود، ٢٠٢٢، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد- شۆڕشی گوڵان ١٩٧٥-١٩٩٠، ب٤، بەشی یەکەم، چ٢، چاپخانەی رۆکسانا، ب.ش.
- بەختیار، مەلا، ٢٠٢٠، لەبری بیرەوەری، ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر، تاران.
- جەلال، برایم، ٢٠١١، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، چ٣، چاپخانەی چوارچرا، ب.ش.
- حامید، عەلی، ٢٠٢٠، بولێڵە، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

- دەروێش، ماکۆك غەفوور، ٢٠٢١، لەوەتەی هەم پێشمەرگەم بیرەوەرییەکانی مامەغەفە، چ٢، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
- ڕێباز، ٢٠١٧، قەندیل بەغدای هەژاند، چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ڕەشید، سەڵاح، ٢٠٢٢، شەڕی ناوخۆی کورد بۆچی سەریهەڵدا؟ چۆن گەشەی کرد؟ سەرئەنجام، چ٢، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان، سلێمانی.
- سلێمان بەگ، کرمانج عزەت، ٢٠٢١، شانێك بە بن باری نیشتمانەوە (ژیناوری عزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی)، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی، سۆران.
- سەعید، حەمەی حەمە، ٢٠١٦، دەنگی خاك، ب١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
- شاکەلی، محەمەد، ٢٠٢١، هەورازو نشێو- بیرەوەری، ب١، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
- کاکل، ئازاد، ٢٠١٥، بیرەوەری ڕۆژە سەختەکانی پێشمەرگەیەک، ب١، هەولێر.
- کاکۆ، سالار شەهید، ٢٠٢٢، سی بەهاری ژیان و پێشمەرگایەتیم، دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، ب.ش.
- کاکە، سەید، ٢٠١٢، بیرەوەری پێشمەرگەیەک، چ٣، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- کوێستانی، هەڤاڵ، ٢٠٢٤، ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو، چ١١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- گوندی، کرمانج، ١٩٩٠، سی ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران، سوید.
- حەمەدەمین، ئارام ئەبوبەکر، ٢٠١٦، بارودۆخی سیاسیی پارێزگای هەولێر (١٩٧٩-١٩٩١)، توێژینەوەیەکی مێژوویە، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، پێشکەشی کۆلێژی ئەدەبیات/زانکۆی سەڵاحەددین کراوە.
- دەنگوباسی کوردستان، بەشی ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق، ژ٨، تشرینی یەکەمی ١٩٨٠.
- دەنگوباسی کوردستان، ژ٩، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٨٠
- خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژ٥٤١، گەلاوێژو ئابی ١٩٨٠.
- خەبات (النضال)، العدد٥٤٣، تشرين الثاني ١٩٨٠.

Sources:
- Statement of the High Committee of the Iraqi National Democratic Front, February 9, 1984.
- Victory to the May 26 National Progressive Revolution led by our Party, Kurdistan Voice-Iraq, 20/7/1980.
- Statistics on Ansar's activities in Iraqi Kurdistan in 1981, 31/12/1
- Kurdistan National Union, Military Office, Bulletin No. 26, 22/8/1
- Kurdistan National Union, Military Office, Bulletin No. 34-36-38-41, 3/11/1
- The rise of the Iraqi National Democratic Front in Erbil about the activities of the Kurdistan National Union against the front, February 13,
- Bingio, Ofra, 2013, Iraqi Kurds, Building a State within the State, edited by Soran Mustafa Kurdi, Aras Publishing House, Erbil.

- Jalal, Kawa Tayeb, 2017, Fragmentation among political parties in South Kurdistan 1976-1988, Idea Publishing House, Sulaimani.
- Hama Amin, Ahmad, 2016, Left Movement in South Kurdistan, Kurdistan Workers' Association as an Example, Rojhelat Printing House, Erbil.
- Hamad, Dilêr Ahmad, 2019, History of the Kurdish People's National Liberation Movement in South Kurdistan 1975-1991, Karo Printing House, Sulaimani.
- Kharudaki, Mariana, 2011, Kurds and US Foreign Policy - International Relations in the Middle East since 1945, translated by: Mamkak, Aras Publishing House, Erbil.
- Rasul, Fatih, 1992, Chand Laparayek La Mejwooy Khabati Geli Kurdman- Rudaw u Documents 1980 u 1981, B2, B.Sh.
- Rasul, Fatih, 1994, Pages in the History of the Kurdish People's Struggle - Rudaw and Documents 1982-1990, B3, Sweden.
- Star, Sardar, 2021, People's Revolution and Autocratic Power 1975-2019, South Kurdistan.
- Abdulkarim, Salam, 2011, Political Life in South Kurdistan 1975-1991 "The Emergence of the Socialist Movement and the Formation of the Kurdistan Socialist Party" as an example, Chawarchra Publishing House, B.Sh.
- Isa, Hamid Mahmoud, 2014, Kurdish Issue in Iraq, and: Suwara Qaladzeyi, B1, Erbil Publishing Directorate, Erbil.
- Fatih, Mohammed, 2012, Iraqi Political Parties and Organizations 1910-2010, Academy of Cadre Awareness and Training, Sulaimani.
- Lazarev and others, m. S., 2008, Kurdistan History, and: Wishyar Abdullah Sangawi, Rojhelat Printing House, Erbil.
- Mohammed, Karwan Jawhar, 2019, Idris Barzani 1944-1987 Life and Political and Military Role in the Kurdish Liberation Movement, Hevi Printing House, Erbil.
- Nebaz, Jamal, 2008, Present and Future of the Kurdish Nation, Vol. 2, Erbil.
- Haledni, Zhilwan Abdullah, 2020, The Role of the Iraqi Communist Party in South Kurdistan (1975-1991), Idea Institute for Thought and Research, Sulaimani.
- Baban, Jamal, 2012, Kurdish Newspapers, Vol. 2, Vol. 2, Dar Aras Printing and Publishing House, Erbil.
- Sanjari, Ali, 2009, The Kurdish Case and the Arab Baath Party in Iraq, Vol. 2, Vol. 1, Khani Printing House, Duhok.
- Ali, Hamid Mahmoud Issa, 1992, The Kurdish Problem in the Middle East from its Inception to 1991, Madbuli Printing House, Cairo.

- Ghinter, Michael Um, 2012, Kurds of Iraq, Alam and Amal, T: Abdulsalam Al-Naqshbandi, Dar Aras Printing and Publishing House, Erbil.
- Ardestani, Hussein, 2008, World Competition for Stopping War, Book 52, War Studies and Research Center, Tehran.
- Gurses, David Romano and Mehmet, 2014, Conflict, Democratization, and the Kurds in the Middle East Turkey, Iran, Iraq, and Syria, Palgrave Macmillan, New York.
- Karsh, Ephraim, 2002, Essential Histories The Iran-Iraq War 1980-1988, Osprey Publishing, Oxford.
- Amin, Nusrewan Mustafa, 1997, Fingers Break Each Other - The Inner Side of Events in Iraqi Kurdistan 1979-1983, b.sh.
- Barzani, Massoud, 2022, Barzani and the Kurdish Liberation Movement
- May Revolution 1975-1990, B4, Part I, Ch2, Roxana Printing House, B.S.
- Bakhtiar, Mullah, 2020, Instead of Memories, Chawder Enlightenment Center, Tehran.
- Jalal, Braim, 2011, Chapkek le Mejwooy Komala, Vol. 3, Chawarchra Printing House, B.Sh.
- Hamid, Ali, 2020, Bulela, Tehran Printing House, Sulaimani.
- Darwish, Makok Ghafoor, 2021, Since I was a Peshmerga, Memories of Mama Ghafa, Vol. 2, Awer Center, Erbil.
- Rebaz, 2017, Kandil shook Baghdad, Vol. 3, Rojhelat Printing House, Erbil.
- Rashid, Salah, 2022, Why did the Kurdish civil war break out? how did it develop Sarnam, Vol. 2, Writers' Cultural Center, Sulaimani.
- Sulaiman Beg, Kurmanj Ezzat, 2021, A shoulder under the conditions of the country (Zhinwari Ezzat Sulaiman Beg Dargalayi), Ahmadi Khani Cultural Society, Soran.
- Saeed, Hama Hama, 2016, Dangi Khak, B1, Hamdi Printing House, Sulaimani.
- Shakeli, Mohammed, 2021, Hawrazo Nshew- Birawari, B1, Narin Publishing House, Erbil.
- Kakl, Azad, 2015, Memories of a difficult day of a Peshmerga, B1, Erbil.
- Kako, Salar Shahid, 2022, Thirty Springs of My Life and Peshmerga, Kurdistan Democratic Party Encyclopedia Committee, B.Sh.
- Kaka, Sayed, 2012, Memories of a Peshmerga, Vol. 3, Shahab Printing House, Erbil.
- Kowestani, Haval, 2024, The Days When the Country Belonged to Everyone, Vol. 11, Karo Printing House, Sulaimani.

- Gundi, Kurmanj, 1990, Thirty Years of Struggle and a Destroyed Country, Sweden.
- Hama Amin, Aram Abubakr, 2016, Political Situation of Erbil Province (1979-1991), a historical research, master's thesis (unpublished), submitted to the College of Literature / Salahaddin University.
- Kurdistan News, Press Department of the Political Bureau of the Kurdistan Democratic Party-Iraq, No. 8, October 1980.
- Kurdistan News, No. 9, November and December 1980
- Khabat, Organ of Kurdistan Democratic Party, No. 541, July and August
- Khabat (Al-Nidhal), No. 543, November